کریکارانی جیهان یەکگرن!

# ڕێگای کوردستان

REGAY KURDISTAN

نیشتمانێکی ئازاد و گەلێکی بەختیار
دیموکراسی بۆ عێراق
مافی بڕیاردانی چارەنووس بۆ گەلی کوردستان

ژمارە (456)ی ساڵی (57)
دووشەممە (4)ی یۆنیۆی 2001
(4)ی جۆزەردانی 2701 کوردی

یەکەمین ژمارەی بە نێوی "ئازادی"یەوە لە نیسانی 1944 دا دەرچووە

هەفتەنامەیەکی سیاسییە * ئۆرگانی حزبی شیوعی کوردستان - عێراق

## تەقینەوەیەك لە سلێمانی

شۆڕش ئەمین

شەوی 30-2001/5/31 کاتژمێر (9)ی شەو کاتی ئاڵوگۆڕکردنی هێلەکانی کارەبا لە جێگای وەستانی پاسەکانی دلێران لە نێوان گەڕەکی خەبات‌و حاجی ئاوادا، بڕێك TNT تەقیەوە لە ئەنجامدا منداڵێك بریندار بوو زۆربەی ئەو ئۆتومبیلانەی لەو گۆڕەپانە ڕاگیرابوون شووشەکانیان شکاو زەرەروزیانیان لێ کەوت، ئەمە جگە لەوەی زۆربەی ئەو ماڵانەی ئەو دەوروبەرە زیانی ماڵیان لێ کەوتووە.

## سەبارەت بە هەڵبژاردنی شارەوانییەکان

### وتەبێژێك بە ناوی مەکتەبی سیاسی حزبی شیوعی کوردستان ئەم لێدوانەی ڕاگەیاند

**دوای کۆتایی هاتنی هەڵبژاردنی شارەوانییەکان کە لە 26 ئایاری (2001)دا بەڕێوە چووو دواتریش کە دەرەنجامەکانی هەڵبژاردنەکە ڕاگەیەندرا بە پێویستمان زانی باری سەرنجی خۆمان بەم شێوەیە بخەینە ڕوو:**

1.ئێمە هەر لە سەرەتادا پێشوازیمان لەم هەڵبژاردنە کردو کە دوای بەڕێوەچوونی هەڵبژاردنە جەماوەرییەکەی ساڵی 1992و دواتر هەڵبژاردنی شارەوانییەکانی سنووری سلێمانی‌و کەرکوك کە لە 2000/2/3 بەڕێوە چوو بۆ یەکەمین جار لەم سنوورەدا واتە پارێزگای هەولێرو دهۆك هەڵبژاردنێکی تری جەماوەری بەڕێوە بچێت کە پێمان وایە دەرفەتێکە بۆ گەڕانەوەو زیاتر بەهێزکردنی ژیانی دیموکراتی کە ماوەیەکی زۆر بوو گەلەکەمان لێی بێ بەش کرابووو هەروەها هیواخوازیشین کە بووبێتە هۆی زیاتر ڕاهێنانی جەماوەری گەلەکەمان لەسەر هەڵبژاردن کە ڕووێکی هەرە گەشی سیستەمی دیموکراسییە.

2.هەر لەم ڕوانگەیەشەوە ئێمە ئەم هەڵبژاردنە جەماوەرییە بە دەست پێشخەرییەکی باش دادەنێین‌و هیواخوازین ببێتە مایەی زیاتر قووڵ کردنەوەی پرۆسیسی دیموکراتی‌و ئەزموونەکەمان.

هەروەها ئێمە هەر لە سەرەتادا بەو مەبەستەی کە ئەم پرۆسەی هەڵبژاردنە لەسەر بنەمای ململانێیەکی دیموکراسی‌و بە شێوەیەکی دینامیکی‌و ئیرادە خوازییانە بەڕێوە بچێت هەموو ئامادە باشییەکمان کردو هەوروەها ئامانجی سەرەکیی ئێمە لەم هەڵبژاردنەدا بە تەنها بە دەست هێنانی کورسی ئەنجومەن‌و زۆرینەی دەنگ نەبوو بەڵکو ئەوەی بەلای ئێمەوە گرنگە ئەوەیە کە ئەم پرۆسەیە ببێتە هۆی زیاتر چەسپاندنی گیان‌و ڕەوشتی دیموکراسییانەو بەڕێوەچوونی ململانێی هەڵبژاردن بە شێوەیەکی ئاشتی‌و لەسەر بنەمای زیاتر خزمەت کردنی گەلەکەمان.

3.هەورەها ئێمە شان بەشانی حزب‌و لایەنە سیاسییەکانی کوردستان بەشداریمان کرد لە چۆنییەتی خۆئامادە کردن‌و هەڵمەتی ڕاگەیاندن کە بە شێوەیەکی هێمنانە بەڕێوەچوو لە پێناوی پاراستن‌و بە ئاراستە بردنی هەڵمەتەکە لەسەر بنەمای پاك‌و بێگەردی پرۆسەکە بەو پێیەی کە ڕاگەیاندن ڕۆڵێکی بەرچاو دەگێڕێت لە بڵاوکردنەوەی هۆشیاری هەڵبژاردن.

4.هەورەها خۆشحاڵ بووین بەو پێشوازییە گەرم‌و گوڕەی کە جەماوەری هەولێرو دهۆك کە لەم پرۆسە هەڵبژاردنەیان کرد کە ڕەنگدانەوەی گیانی پەرۆش‌و هەست کردنی بوو بۆ ئەزموونە دیموکراتییەکەمان لە هەرێمی کوردستان.

5.لەگەڵ ئەوەشدا کە پرۆسەی هەڵبژاردنی شارەوانییەکان لە زۆربەی بنکەکانی دەنگدان بە شێوەیەکی هێمنانە بەڕێوە چوو بەڵام لە هەندێك بنکەو شوێنیش هەندێك دیاردەی سلبی بەدی کرا کە پێچەوانەی ڕێڕەوو بەڕێوەچوونی پرۆسەکە بوو بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا کاریگەرییەکی سلبی ئەوتۆی لەسەر ڕەوتی هەڵبژاردنەکە دروست نەکرد.

6.ئێمە ئەنجامدانی ئەم پرۆسەیە بە کارێکی ئیجابی‌و هەنگاوێکی باش دادەنێین لەسەر ڕێی زیاتر قووڵکردنەوەی پرۆسیسی هەڵبژاردن‌و بە دیموکراتیزەکردنی ژیانی گەلەکەمان لە هەرێمی کوردستان وەك وێستگەیەکی تری گرنگ سەیری دەکەین بۆ زیاتر گەشە پێ کردن‌و بەرەو پێش بردنی ئەزموونەکەمان کە پاراستنی ئەرکی سەر شانی هەموو لایەکمانە بۆ سەرخستن‌و پاراستنی لە هەموو چاوتێ بڕینێکی دوژمنکارییانە کە لەسەر ئاستی ناوخۆیی‌و دەرەکی هەوڵی لەناوبردنی دەدرێت.

7.ئێمە لە کاتێکدا پیرۆزبایی خۆمان لە هەموو ئەو خوشك‌و برایانە دەکەین کە پلەی دەرچوونیان بە دەست هێنا بۆ ئەنجومەنی شارەوانییەکان لە هەمان کاتیشدا بە هیواین هەڵبژاردنەکە لەپاڵ خاڵە ئیجابییەکانی تر بووبێتە مایەی وەرگرتنی وانەو ئەزموون لێیەوەو بۆ هەموو لایەکمان سوودبەخش بووبێت‌و کە بە گیانێکی هاوپەیمانیی لەگەڵ پارتی دیموکراتی کوردستان‌و حزب‌و لایەنە سیاسییەکانی تر دەرس‌و پەندی لێ هەڵبهێنجین. دیارە ئەم هەڵبژاردنەش نە هەڵبژاردنی یەکەمەو نە کۆتایی لە هەرێمی کوردستان بەڵکو لەم بارەیەوە ڕێگایەکی دوورو درێژمان لە بەردەمدایە بۆ ئەوەی هەموو تواناکان لە داهاتوودا بۆ سەرخستنی ئیرادەی گەلەکەمان‌و نیشتمانەکەمان بێت لە سایەی دوارۆژێکی گەشەدارترو باشترو عێراقێکی دیموکراتی‌و فیدراڵی.

8.هەورەها ئێمە سوپاس‌و ڕێزی بێ پایانمان بۆ هەموو ئەو خوشك‌و برایانە هەیە کە لە ڕێگای کارتی دەنگدان متمانەیان بەخشییە هاوڕێیانی ئێمە لە سنووری هەولێرو دهۆك و بەڵێنیان پێ دەدەین کە لە ئاستی متمانەو لێ تێگەیشتنی ئەوان بین‌و لە پێناوی کێشەی ڕەوای گەلەکەمان‌و هیچ درێغییەك نەکەین‌و هەروەها هەوڵ‌و تێکۆشانمان بەردەوام دەبێت لە پێناوی وەدی هێنانی ئەو خواست‌و داواکارییانەی کە لە چوارچێوەی بەرنامەی حزبمان هاتبوو لە هەڵبژاردن داو بەرگری کردن لە بەرژەوەندی گەلەکەمان لە سەرووی هەموو بەرژەوەندییەك دەبێت.

هەروەها سوپاسی گەرم‌و بێ پایانمان ئاراستەی جەماوەری گەلەکەمان دەکەین بەبێ جیاوازی کە دەنگیان بۆ هەر حزب‌و کەسێك دا بێت کەوا بەشدارییان کرد لە پرۆسەی هەڵبژاردنی شارەوانییەکان‌و کە بەشداریکردنیشیان بەم قەوارەیە ڕەنگدانەوەی هەست کردنی گەلەکەمانە بە گیانی بەرپرسایەتی لە بەرامبەر چارەنووسی نیشتمانەکەی‌و ئەزموونەکەی.

## هاوڕێ مەلا حەسەن سوپاسنامەیەك ئاڕاستەی خەڵکی تێکۆشەری شاری هەولێر دەکات

**جەماوەری بە شەرەفی شاری هەولێری کۆڵنەدەر..**

**خوشك و برایانی بەڕێز و خۆشەویست..**

وا پرۆسەی هەڵبژاردنی شارەوانی لە شارە دێرینەکەمان کۆتایی هات‌و پرۆسەکە لەبەرچاوی خۆتان بەڕێوەچووو دەرئەنجامەکانی بڵاوکرانەوە. بۆیە بە ئەرکی سەرشانی خۆم‌و ئەو پاڵێوراوە بەڕێزانەی لە لیستەکەدا بوون زانی، کە لە کانگای دڵمەوە گەرمترین سوپاسی خۆمان ئاڕاستەی ئێوەی نیشتمانپەروەر بکەم.

ئەو دەنگدانەی ئێوەی بەڕێز جارێکی دیکە دڵنیای کردینەوە کە جەماوەری خۆڕاگری گەلەکەمان نوێنەرە ڕاستەقینەکانی خۆیان باش دەناسن‌و دەنگی خۆیانیان پێدەدەن، ئەگەر هەل‌و مەرجێکی لەباریان بۆ بڕەخسێ. بۆیە جارێکی تر پڕ بەدڵ سوپاسی یەکە یەکەی ئێوەی دیموکراتخواز دەکەم‌و هیوا دەخوازم ژیانێکی ئاسوودەو پڕ کامەرانی لەژێر سایەی دیموکراتی‌و مافی مرۆڤ‌و سەرووەری یاسا بە کردەیی بەسەر ببەن‌و، ئەو ئەزموونەی کوردستانی خۆشەویستمان پارێزراو بێ‌و بگاتە قۆناغی دابین کردنی قەوارەیەکی سیاسی دیموکراتییانەی گەشەسەندوو، بە وەدەست هێنانی فیدرالیزم لە سایەی حکومەتێکی دیموکراتی پەرلەمانی فرە حزبیدا لە بەغدا.

لەپاڵ سوپاس کردنی ئێوەی دەنگدەری بەڕێز سوپاسی هەموو ئەو هاوڕێ‌و دۆستە بەڕێزانەش دەکەم کە لە ڕۆژی هەڵبژاردن‌و پێش ئەو ڕۆژەش زۆر خۆیان ماندوو کردو تەقەلایان داوە بۆئەوەی ڕۆڵەکانی گەل ئێمە بناسن‌و دەنگمان بۆ بدەن. ئەو دەنگدانەی کە مایەی سەربەرزی‌و دڵخۆشیمان بوون، چونکە ئەم دەنگانە دەنگی ڕاستەقینەی ناخی ڕۆڵە بە وەفاو دڵسۆزەکانی ئەم گەلەن کە هەمیشە سەربازی ڕێگای ئازادی‌و دیموکراتی‌و دابین کردنی مافە نەتەوەییە ڕەواکانی گەلی کوردستان بوون، لە هەمان کاتیشدا پیرۆزبایی لەو بەڕێزانە دەکەم کە زۆرینەی دەنگیان بە دەست هێنا بۆ سەرۆك‌و ئەندامانی ئەنجومەنی شارەوانی شاری هەولێرو هیوای سەرکەوتنیان بۆ دەخوازم لەم ئەرکە قورسەی کەوتووەتە سەرشانیان‌و خواهیشتیان دەکەم کە توانای خۆیان بخەنە گەڕ، لە پێناوی جێبەجێکردنی ئەو بەڵێنانەی کە لە بەرنامەکەیان بە ڕۆڵەکانی گەلیان داوە، بۆئەوەی لە هەڵبژاردنی داهاتوودا جەماوەر بە شێوەیەکی گەرم‌و گوڕتر بەشداری بکات.

ئومێدەواریشم ئەم هەڵبژاردنە هاندەری هەموو لایەکمان بێ بۆ قووڵ کردنەوەی دیموکراتی‌و بە شارستانی کردنی کۆمەڵگاکەمان‌و ببێتە تاقیکردنەوەیەکی بە سوود بۆ دوارۆژی گەلەکەمان‌و دەرس‌و پەندی بە کەڵکی لێ وەربگرین، بۆئەوەی ژیانی خۆی لەسەر بنەمای دیموکراتی بە ڕێگای هەڵبژاردنەکانی داهاتووی پاك‌و خاوێن ڕێك بخاتەوەو، لەو باوەڕەشداین کە هەر دیموکراتی ڕاستەقینە بە هەموو جۆرەکانیەوە دەبێتە هۆی دەستەبەرکردنی ژیانێکی ئاسوودەو کامەران‌و پڕ کەرامەت بۆ دوارۆژی کۆمەڵگاکەمان‌و هەر تەنیا بەم ڕێگایەش ئەزموونەکەمان دەپارێزرێ‌و سەقامگیر دەبێ. چونکە دیکتاتۆری‌و تۆقاندن‌و چاوترساندنی ڕۆڵەکانی گەل‌و بەکارهێنانای زەبرو زەنگ هیچ دوارۆژی نییەو سەرکەوتن هەمیشە بۆ گرتنەبەری ڕێگای ئاشتی‌و دیموکراسی‌و چارەسەرکردنی داخوازییە ڕەواکانی جەماوەرو پێکەوە ژیانی ئاشتییانەو ئاسایی کردنەوەی بارودۆخی کوردستانی ئازادکراومانە.

هەر سەرکەوتووو سەرفراز بن تا هەڵبژاردنێکی دیکە.



**دڵسۆزتان فەتاح تۆفیق فەتاح**
**(مەلا حەسەن)**
**پاڵێوراوی حزبی شیوعی کوردستان-عێراق بۆ سەرۆکایەتی ئەنجومەنی شارەوانی هەولێر**
2001/6/1

## یادی هەشتەمین ساڵەی حزبی شیوعی کوردستان لە ئیسکلستونا بەرز ڕاگیرا

ڕۆژی 2001/5/26 کۆمیتەی ئاهەنگی ڕێکخستی حزبی شیوعی کوردستان- عێراق لە شاری ئیسکلستونای سوید بە ئامادەبوونی هاوڕێ (ئیبراهیم سۆفی مەحمود) ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی حزب‌و بەرپرسی بیرۆی پەیوەندییەکانی حزب‌و لە دەرەوەی وڵات‌و، کۆمەڵێك لە هاوڕێیان‌و پێشمەرگە دێرینەکانی حزب‌و دۆستانیان‌و نوێنەرانی پارتە شیوعییەکان‌و کوردستانییەکان‌و هەردوو پارتی چەپ‌و پارتی سوسیال دیموکراتی سویدی‌و فیدائیانی خەڵکی ئێران- ئەکسەریەت، ئاهەنگێکی جەماوەریی قەشەنگ‌و بەرفراوانیان لە هۆڵی قوتابخانەی ئوربیدا سازدا.

سەرەتا ئاهەنگەکە بە سروودی ئەنتەرناسیونال دەستی پێکردو پاشان هاوڕێ ئەحمەد ڕەجەب بەخێرهاتنی میوانەکانی کرد.

دواتر ووتاری ڕێکخستنی حزب لەو شارە بەزمانی کوردی لە لایەن هاوڕێ پەیمان سەید تۆفیق‌و بە زمانی عەرەبی لەلایەن هاوڕێ سەردار خوێندرانەوە.

لە ئاهەنگەکەدا کۆمەڵێك برووسکە خوێندرانەوە لەوانە برووسکەی حزبی شیوعی سوریا، پارتی دیموکراتی کوردستان، یەکێتی نیشتمانی کوردستان، سازمانی فیدائیانی خەڵکی ئەکسەرییەت، حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران، بۆرگن دانیلسۆن نوێنەری حزبی سۆسیال دیموکراتی سویدی.

دواتر بەبەشداری چەندین هونەرمەند ئاهەنگەکە تا بەرەبەیان درێژەی هەبوو، هاوڕێ (ئیبراهیم سۆفی مەحمود) لە ناوەڕاستی ئاهەنگەکە دەرفەتێکی وەرگرت‌و وتەیەکی بە نرخی پێشکەش بە ئامادەبووان کرد.

لە ژمارەی داهاتووی هەفتەنامەکەماندا ڕاپۆرتێك لە بارەی ئەم ئاهەنگە دەخوێنیتەوە.

## هاوڕێ کەریم ئەحمەد پێشوازی وەفدێکی بزووتنەوەی ئاشووری دەکات

سەعات (7)ی ئێوارەی 2001/6/2 هاوڕێ (کەریم ئەحمەد) سکرتێری کۆمیتەی ناوەندی حزبمان، حزبی شیوعی کوردستان‌و هاوڕێیان (حەیدەر شێخ عەلی، مەلا حەسەن) ئەندامانی مەکتەبی سیاسی‌و (مامۆستا قادر) ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی پێشوازییان کرد لە وەفدێکی سەرکردایەتی بزووتنەوەی ئاشووری بە سەرۆکایەتی (یونادم یوسف کەنا) سکرتێری گشتی بزووتنەوەکە.

لە کۆبوونەوەکەدا بارودۆخی هەرێمی کوردستان‌و عێراق‌و ناوچەکە تاوتوێ کراو، تایبەتمەندییەکانی کلدوئاشوورو نەتەوەکانی دیکەی کوردستان قسەی لەبارەیەوە کراو، لە دوا تەوەری کۆبوونەوەکەدا جەخت لە پەیوەندییە دوو قۆڵییەکانی نێوان هەردوو حزب کرایەوە.

## بروسکەی مەکتەبی سیاسی حزبمان بۆ ساڵڕۆژی دامەزراندنی یەکێتی نیشتمانی کوردستان

**بەڕێز مام جەلال سکرتێری گشتی ی. ن. ك**
**بەڕێزان ئەندامانی سەرکردایەتی ی. ن. ك**
**سڵاوێکی گەرمی خەبات‌و بەرخودان**

بە ئەرکی خۆمانی دەزانین لەبیرەوەری 26 ساڵەی دامەزراندنی یەکێتی نیشتمانی کوردستانی تێکۆشەردا جوانترین‌و ڕازاوەترین پیرۆزبایی خۆمان‌و هەموو شیوعییەکانی کوردستان بە ئێوەی بەڕێزو گشت ئەندام‌و لایەنگرانی یەکێتییە تێکۆشەرەکەتان بکەین‌و ئاواتی سەرکەوتنی بۆ بخوازین.

ئەو پەیوەندییە توندو تۆڵەی نێوان حزبەکەمان‌و یەکێتی نیشتمانی کوردستان لەسەر بناغەی خەبات لە پێناو ئاشتی‌و ئاشتبوونەوەی گشتی‌و پاراستنی ئەزموونەکەمان‌و وەلانانی دیکتاتۆری‌و دامەزراندنی حکومەتێکی دیموکراتی فرەحزبی لە عێراقدا کە دان بە فیدرالیزمدا بنێت بۆ کوردستان، هەمیشە بەرەو پتەو بوون‌و چەسپاندن هەنگاو دەنێ، بەهەوڵ‌و کۆششی سەرکردایەتی هەردوولامان پێمان وایە کە دەبێ ئەم پەیوەندییە بەردی بناغەی هاوپەیمانییەکی سەرتاسەری بێت بۆ سەرخستنی ئەزموونە مێژوویییەکەمان‌و دابین کردنی ژیانێکی ئاسوودەو پڕ کامەرانی بۆ گەلە خۆڕاگرەکەمان.

لەگەڵ ڕێزمان

**مەکتەبی سیاسی**
**حزبی شیوعی کوردستان - عێراق**
2001/5/31

## بڕیاری 986 بۆ مانگێك درێژکرایەوە

### ئەنجومەنی ئاسایش ڕازی بوو گفتوگۆ لەسەر (سزا ژیرەکان) بکات

ڕۆژی 2001/6/1 ئەنجومەنی ئاسایشی نێو دەوڵەتی ڕەزامەندی خۆی پیشاندا بۆ درێژکردنی بڕیاری (نەوت بەرامبەر خۆراك) بۆ ماوەی مانگێکی دیکە واتە تا وەکو 2001/7/3، بە پێچەوانەی فێسەکانی پێشوو کە هەر شەش مانگێ جارێك تازە دەکرایەوە. ئەمەش بە هۆی ئەوەی کە سەرجەم ئەندامانی ئەنجوومەن ڕازی بوون لەماوەی ئەو مانگەدا گفتوگۆ لەسەر ئەو پرۆژەیەی ئەمریکاو بەریتانیا بکەن کە بە (سزا ژیرەکان)ناوزەد کراوە کە بڕیار وایە لە 2001/7/4 بڕیاری یەکلاکەرەوە لە بارەیەوە دەربچێت.

(محەمەد ئەلدوری) باڵوێزی ڕژێمی عێراق لەنەتەوە یەکگرتووەکان وتوویەتی درێژکردنەوەی ئەم فێسە بۆماوەی یەك مانگ لەسەر بۆچوونی ئەمریکاو بەریتانیا بڕیاری لەسەر نەدراوە، عێراق مامەڵەی لەگەڵی دانییە. هەروەها (ئەلدوری) وتوویەتی عێراق مامەڵە لەگەڵ ئەم بڕیارە ناکات‌و، بە بڕیارێکی مردووی ناوزەد کردو، هەڕەشەی نەناردنە دەرەوەی نەوتیشی دووپاتکردەوە.

## عەلی باپیر جیابوونەوەی خۆی لە بزووتنەوەی یەکبوونی ئیسلامی ڕاگەیاند

شۆڕش ئەمین

بەپێی هەواڵەکان لە شەوی 30-2001/5/31 لەمەڵبەندی (6)ی یەکبوونی ئیسلامی لە شارۆچکەی خۆرماڵ، چەند ئەندامێکی سەرکردایەتیی یەکبوونی ئیسلامی لەگەڵ عەلی باپیردا، لەکۆبونەوەیەکی چەند سەعاتیدا نەگەیشتنە ئەنجام،

بۆ ل11